# It’s too late!

حەمەسەعید حەسەن

کۆمەڵێک بێسەواد تەنیا لەبەر ئەوەی کۆمپیوتەریان کڕیوە و فۆنتی کوردییان دابەزاندووە، خۆیان لێ بووە بە نووسەر! بەرهەمی بێبڕشتی ئەو خاوەن کۆمپیوتەرانە، شیاوی سەبەتەی بەرماوەکانە، نەک بڵاوکردنەوە.

کۆمەڵێک کۆلکە نووسەر و فەریکە ڕۆژنامەوان تازەکی باس لە نادیموکراتیبوونی پدک و ینک دەکەن! تازەکی ئەو قسانە دەجوونەوە، کە من لە ساڵی (1992)ەوە، لە (پاشای عەرشی کەلاوە)وە و پێشتریش، کردوومن. بە هەموو ئەوانەی تازەکی ڕەخنە لە دوو زلحیزبەکەی باشووری کوردستان دەگرن، تازەکی لاسایی من دەکەنەوە، دەڵێم: It’s too late! بافتی باسە ئەو کۆلکە و فەریکانە، هەمان ئەو دەربڕین و ڕستە و پەرەگرافانە دەڵێنەوە، کە من لەمێژە گوتوومن، کەچی هێندە دەستپیسن سەرچاوەی قسەکانیان دەستنیشان ناکەن!

هەندێک نووسەر هەمیشە نامە بۆ سەرانی پارتی و یەکێتی دەنێرن و پێشنیاریان دەخەنە بەر دەست. سەرانی ئەو دوو لایەنەش، هەرگیز گوێیان لێ ناگرن و قەت وەڵامیان نادەنەوە! بەو نووسەرانە دەڵێم: هیچ ئومێدێکتان بەو دوو لایەنە نەبێت و بە تەواوی دەستیان لێ بشۆن! ئەو دوو حیزبە، بە مێژوویاندا دیارە، دوو داڵن، چاوەڕێی ئەوە مەبن، داڵ ببێت بە هەڵۆ! قسەی خۆتان لە گاشەبەرد مەدەن!

*

بەعس ئەو هەموو زوڵمەی لە خەڵکی عێراق دەکرد و لە هەموو ناوەڕاستی عێراقدا، هیچ مەلایەکی، هیچ مزگەوتێک نەیدەگوت: لەل! ئاخر هەموو مزگەوتەکانی ناوەڕاستی عێراق، توند توند کلکیان لەگەڵ مونەزەمەکاندا گرێ دابوو.

ئەمریکا ساڵی 1991 لە ترسی ئەوەی نەک مزگەوت جێی بگرێتەوە، مونەزەمەی نەڕووخاند. وا دیسانەوە مزگەوت و مونەزەمە یەکیان گرتووەتەوە و سەرقاڵی شەڕێکی خۆپسێنن، کە ئەگەر شتێکی لێ بکەوێتەوە، تەنیا ئەوە دەبێت، داگیرکەر درەنگتر عێراق جێ دەهێڵێت.

2003. 06. 23